# گێڕانەوە و شتی تریش (خوێندنەوەی چیرۆکی گەڕانەوە و شتی تریش)

سۆران محەمەدە سوورە

**" دەنگی هێلێن ئێستاش هەر لەنێو گوێچکەمدایە و ئەوکات نەمدەوێرا وا بڵێم، بەڵام ژنێکی جوان بوو."**

ئەمە، خوێندنەوەیەکە بۆ چیرۆکی گەڕانەوە و شتی تریش. لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدرێت ئاماژە بە چەند زاراوەیەک بکەین، کە لە چیرۆکەکەدا هەیە، کە دەرگەیەکە بۆ دەرککردنی ڕەهەندە شاراوەکانی چیرۆکەکە و لەگەڵ زاراوەکانیش هەوڵدەدرێت تەکەز بخرێتە سەر کاریگەریی نەریت و دین بەگشتیی و ڕەهەندی مێژوویی چیرۆکەکە بەتایبەتیی.

چیرۆک، چیرۆکی ڕۆژانەی کەس و شتەکانی دەوروبەرە. دەنگی هۆڤیی و سامناکیی ویژدانی چیرۆکنووسە، کە تا نەیگێڕێتەوە ناحەجمێت. چیرۆک؛ماڵێکی غەمگینە و لە خاوەنی خۆیشی، کە چیرۆکنووسە، دواجار حاشا دەکات و تەنێ گوێگران بە

خاوەنی خۆی دەزانێت. گۆرگۆن* (Gorgon)ـەکان لەدەمی گێڕانەوەدا وەها دەچنە دنیای گێڕانەوەی چیرۆک و زمانی چیرۆکەکەوە، کە دواجار هەر شـتێک نیگا بکەن، بەبەردبووی دەکەن. جوانیی ئەم ئەفسـانە و چیرۆکگێڕانەوەیەش هەر لە بەبەردکردن، مانەوە لە دنیای خۆیان، دایە، کە نایانەوێت لە بازنەی گێڕانەوە بچنە دەرەوە .ئا ئەم چیرۆکەش دەیەوێت لە بازنەی گێڕانەوە دانەبڕێت و دانەبڕێین؛ بەشێوەیەک، کە وادەکات تا کۆتایی، دەسـتبەرداری خوێندنەوەی چیرۆکەکە نەبین، تەنانەت ئەگەر بێت و شتێک لە دەوروبەرمان نیگا بکەین، بەبەردبوو ببێت.
چیرۆکی "گەڕانەوە و شـتی تریش"، لە نووسینی "ڕەشید مەحموود"ە. گێڕەرەوە، بە زمانێک دەگەڕێتەوە، کە هەمان گەڕانەوە دەبێتە گەڕانەوەی ئێمەش. ئەوە منداڵیی ئێمەیە، لە گوندێکی دوورەشار ژیاوە و تێکەڵمان دەکاتەوە بە ڕووداوگەڵ/ شتی تریش. بۆیە تا کۆتایی چیرۆکەکە، دەیان ڕووداو/شتی تریش، لە منداڵیی و ژیانی خۆت دێنەوە بیر، کە هاوشێوە و نێزیکـن، بەڵام دەپرسـین ئەگـەر ئەم زمان و گەمـە گێڕانەوەیییەی چیرۆکنووس، تەوس و تەنزە نەبوایە، ئەو چێژبینینە، هەست و ئەلهای دەرککردنمان بۆ ئەم چیرۆکە دەبوو؟

**درێژتر لە چیرۆکەکە و شتی تریش:**

کارەکتەر لە گوندێک، کە چل ماڵێک دەبن دەژیێت. لەوێ "دێوانە"کان هەن، "ئەوەی زۆر باو بوو لەوێ (دێوانەکان) بوون، کێ دەزانێ دێوانەکان کێن و چین؟"

- دێوانە: سـەر بە تەریقەتی نەقشـبەندیین، خوو و نەریتێکی سـەیر، پابەندبوونێکی چەقبەسـتوو بە گەورەکەیان/ شـێخ هەیە، وەک باوە و وتراوە، لە کابرایەکیان پرسیی؛ پێغەمبەر محەمەد گەورەترە، یان شێخ ڕەشـید، وتی دیـارە-گێڕانەوەیەکی تر هەیە دەڵێت: هەرتکیان مرۆڤی مەزن بوون . ئەم دیارەیە بۆ شـێخە نەک پێغەمبەر. شـێخ ڕەشـید لە پێغەمبەر محەمەد پیرۆز و گەورەترە.

دێوانە، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ چەڵاک هەیە، لە پارچەی دووەمی چیرۆکەکە دەخوێنینەوە: کە دێوانەیەک گۆپاڵی ڕووە و ماڵی بەربواربووێک ڕاگرتووە و پێی دەڵێت: "برۆ سەیری مانگا سوورەکەت بکە".

- چەڵاک (گۆپاڵ): لەلای دێوانەکان پیرۆزە، وەک دار عەسای موسا، بەڵکو زێتریش. گۆیەکەی ناگرن و ئامرازێک نییە بۆ ڕێکردن، بەڵکو نێوەڕاستەکەی دەگرن و دەڕۆن، سەرە باریکەکەیشی، هەرگیز لە کاتی ڕۆیشتن و ڕێکردن بەر زەویی ناکەوێت.

پیرۆزیی چەڵاک، گەیشتووەتە ئاستێک؛ کە دەتوانن بە ئاڕاستەکردنی گۆپاڵ بۆ کەسی دژ یان "بەربار"بووێک، پەڕجوو بافرێنن و کەسی بەربار تووشی نەگبەتیی و (خوانەخواستە) بەڵایەک بکەن.

- بەربار: لەلای دێوانەکان ئەو کەسەی جزیە نەدات، کە بریتییە لەو داواکارییەی دێوانە لە کەسێکی دەکات، نانپێدانبێت، یان بزن و گا بێت. زۆرجار دەڵێن: خەونمان بە فلانە شتەی تۆوە بینیووە، ئیتر ئەوە دەبێتە ماڵی شێخ یان دێوانە. ئەگەر نا ئەوە کەسەکە بەربار دەبێت، سەرپێچیی فەرمان کراوە. بە مانایەکی تر واتە لەوان نییە.

وەک لە چیرۆکەکە دەردەکەوێت؛ ئاڕاستەکردنی گۆپاڵ بە ئاڕاستەی ماڵی بەربواربووێک، گەفی برۆ سەیری مانگا سوورەکەت بکە، ئەوە مردن و زیانگەیاندنە، لەپای ئەو سەرپێچییەی بەربار کردوویەتی، ئەمیش مرداربوونی مانگایە.

"نەشماندەزانی، کە ئایا ئەم چیرۆکە ڕاستە یان نا"، ئەوە نیشاندەدات، کە کارەکتەر لە پێواریی زانین، لەنێو خورافیات و نەریتێکی یەکجار دواکەوتوو ژیاوە، کە یەکسەر ئەم ڕستەیە لەم تەمەنەیدا، ئاماژە بۆ خۆشباوەڕیی و نەبینیی کۆمەڵگە و خەڵکە، کە وەها نەریت و خورافیاتی دینیی باڵی بەسەردا کێشاون. ڕستەی دوای ئەمیش "دەرکمان بە ڕووداوەکانی... ، نەکرد.) کە بۆ ڕوودان (ان)ی کۆ بەکار دێنێت، داخۆ چیتر ڕوویدابێت، کە باسی لێوەناکات و ڕووداوگەلێک بە نهێنیی دەسپێرێت. داخۆ ئەمە بەهۆی ئەوەوە بووبێت، کە دەرکی ئەم ڕووداوانەی بۆ نەکراوە؟ چونکە وا لە چیرۆکەکە دەگەین، کە ئەو ڕووداوانەی تر، کە دەیانگێڕێتەوە، دەرکی کردوون. سەرباری ئەمە، ئەوە نیشان دەدات، کە ماڵی سەرۆکی

دێوانەکان جێگەی پەڕجوو و ڕووداوی سەمەرە بووە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا دەرکی ئەم ڕووداوانەی بۆ نەکراوە. کارەکتەر لەگەڵ ئەم خۆشباوەڕیە منداڵییەشیدا؛ چاوەڕێ بووە لەسەر جۆگەلەیەک، کە کەوتبووە نێوان گردێک و ماڵیانەوە، فریشتەیەک بێت و بیکاتە بانمرۆڤ و دەمڕاستی خەڵک.
گەڕانەوە لەم چیرۆکە بۆ چیرۆکێکی تر و ئەمیش تەنیا بە ڕستەیەکی کورت، (چیرۆکگەلی؛ شوانبوونی پغەمبەر، سنگشەقکردنی پێغەمبەر، هێڵێن و جۆگەی تەسنیم، چیرۆکگەلی دێوانەکان و مانگا سوورەکە و... تاد) گەڕانەوەیەکی جوانناسیی و گێڕانەوەیەکی سەرکەوتوانەیە، کە بەشێوەیەک توانایی چیرۆکنووس بۆ ئافراندنی چیرۆکی باش و جیاواز لە تاکڕووداویی، بە دەربڕین کورت و بێفیرۆدانی وشە و هەڵڕشتنی زانیاریی لابەلا، نیشان دەدات.
ئەمەی خوارەوە، ئەو قۆناغانەن لە چیرۆکەکەدا، کە یەکێکیان ساتی نووسین/چیرۆکگێڕانەوەیە و ئەویتریان سەرسامبوونە بە دێوانە و ژیانیان، ئەویتریشیان قۆناغێکە، تێیدا کارەکتەر هەست دەکات و ئارەزووەکانی دەجووڵێن؛ مەیلدارییشی بۆ جوانیی هاوڕەگەزەکەی، کە ناتوانێت بڵێت؛ جوانە، کەبتدەکرێت، چونکە دەنگی ژن حەڕامە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی فریودەر و ناسکە و پیاو ناتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی بگرێت. ئەمەش داستان و ئەفسانەی "شمشێری خودا" —پیاو؛ ئەو پاڵەوان و گەورەیەی، کە لە ژن ڕێزدارترە- ئاشکرا دەکات.

یەکەم: قۆناغی چاوەڕوانیی.
دووەم: قۆناغی مێرمنداڵیی.
سێیەم: قۆناغی گێڕانەوە.

قۆناغی گێڕانەوە: ئەمە قۆناغی دەسپێکردنی چیرۆکەکەیە و ئەو تەمەنەیە، کە چیرۆکەکەی تێدا دەنووسرێت/نووسراوە. "چەندین مانگ بەسەر بیست و پێنج ساڵییمەوە تێپەڕین و شتێکی نوێ ڕووینەدا". بە گوێرەی ئەمە و بە پشتبەستن بەو ساڵەی لەگەڵ چیرۆکەکە نووسراوە،

ئــەوە دەبێت چیرۆکنووس لە ١٩٩٢ لەدایک بووبێت. (ئەمەش تەمەنی دوو قۆناغەکەی تریشمان بۆ ئاشکرا دەکات. واتە قۆناغی چاوەڕوانیی لە شەش سالّیی و قۆناغی مێرمندالّیی سێزدە و چواردە سالاّن).
ئەم کەوتنە نێو سالّی تەمەنەش (٢٥ سالّیی) وادەکات، کە چیرۆکەکە بگێڕدرێتــەوە، کە لە پارچەی دووەمدا دەیخوێنینەوە، هەڵبەتە وەک لە پارچە (پەرەگراف)ی یەکەمدا نووسەر ئەوە نیشان دەدات، کە گوایە ئەو ژیانە خودییەی خواســتی بووە و ئەو ڕێیەی لە ژیان گرتبوویە بەر، کە هەمیشە دەنگی ئەو لەگەڵ دەنگی کۆ/باو نەهاتووەتەوە، پەشیمانییەک چەکــرە دەکات، کە گوایە ئەوەی پێیوابووە نوێیە، نوێ نەبووە، بۆیە ژیانــی ڕۆژانەی دەبێتە قەرەبووکردنەوەی بێداریی، تەمەنی یاخیبوون و سەرکێشیی دوای تەمەنی ڕاستەدرنەچوون، گومانکردن و پرسیارکردن. پەشیمانییەک، کە دواجار خۆ دەدۆزرێتەوە.
قۆناغــی چاوەڕوانیی: بەنــدە بە تەمەنی پێغەمبــەرەوە، کە جوبرائیل سنگی شەق دەکات، کە ئەودەم تەمەنی پێغەمبەر ٦ ** سالّیی بووە. واتە چیرۆکنووس لە تەمەنی ٦ سالّییدا بووە، کە دەکاتە سالّی ١٩٩٨ (لێرەدا باز بەسەر دۆخی سالاّنی نەوەتەکاندا دەدەین، کە کارەکتەر تێیدا ژیاوە، مەبەستمان ئەوەی پێوەست بێت بە گەرموگوڕی و گەشەکردنی دێوانەکان لەم گوندەدا.) و دەیەوێت خودا، وەک پێغەمبەر، یانیش دێوانە و خەلیفەیەک هەڵیببژێرێت، تا خزمەت بە دینی ئیسلام بکات، کە ئەمە هەمان کۆخەونی مندالّیمانە. چونکە ڕۆژانە چەندین جار دەبیستین، کە خودا توانای هەموو شتێکی هەیە. کەچی لە قۆناغیی گێڕانەوەدا، واتە لە تەمەنی ٢٥ سالّییدا دەڵێ: شتێکی نوێ ڕووینەدا.
قۆناغــی مێرمندالّیــی: چیرۆکنووس لەو خەیاڵە دۆنکیشــۆتییە بەئاگا هاتووەتــەوە، بەلاّم هێشــتا نازانێت چۆن خودا توانــای کردنی هەموو شتێکی هەیە؟ ئەم قۆناغە ساتی ڕامان و خستنە ژێرپرسیاری شتەکانی دەوروبەرە، دۆخێک، کە کارەکتەر لەنێوان دین و ئاواکردنی دین، جەنگی مانــەوە و جەنگی دەســتبەرداربوونیەتی. نیشــانەکانی (ســەری خۆم دەخورێنــم و هەروەهــا لەبەر تۆ نەبێ هەر بەڕۆژوو نابن، کێ چوزانێ؟) قەناعــەت بەخۆکــردن ناداتە خوێنەر، کە بڵێت: ئیتر خوێندنەوەی ئەم

چیرۆکە سێچوار جار سەروزیادیەتی، بەڵکو بەداوی دەسپێکردنەوەوە تووشە. خۆی لەخۆی دەپرسێت: ئاخۆ من لەکوێی کۆتایی ئەم چیرۆکەم؟ ئەی ئەوە منی گێڕەرەوە/کارەکتەر-قۆناغی گێڕانەوە- نەبوو، پێیەکانی خستبوونە سەر مێزەکەوە و ئێستەش ڕێک دانیشتووم، کێ چووزانێ؟

***

گێڕانەوەی کورت و بەتایبەت پێدانی تەوس بە چیرۆکەکە، لەو شوێنەی کە گەرەکیەتی، پێکەوە خوێنەر زێتر وابەستەی چیرۆکەکە دەکەن:
"لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتم، جاری یەکەم خەو دەمباتەوە و نامباتەوە." بیرکردنەوە لە قەرەبووکردنەوەی خەوی شەوانە، گێڕەرەوە دەخاتە وەنەوزدان، کە قۆناغی گێڕانەوەیە، بیرکردنەوە لە ڕابردوویەک (قۆناغی سنگشەقکردن بەتایبەتیی)، کە کارەکتەر کەشی دینیی و ڕاستر بڵێم خەیاڵی دۆنکیشۆتیی، کە خەڵک دروستیان کردووە و بووەتە نەریت، تەواو بەسەر کارەکتەرەکەمان/ماندا زاڵە، کە شەڕی لەگەڵ چاوەڕوانیی بووە، خودایەک، کە نێردراوی نایەت تا سنگێکی تر شەق بکات-تۆی خوێنەر بڵێ: گۆدۆ، کە نایەت ... ئەمەش لەپێناو زێتر تێکەڵبوون لەگەڵ نووری خودا. لەگەڵ ئەمەشدا پێکەوەبەستنەوەی ڕستەی "برایەکم دەڵێ ناکرێ نیوەی ڕۆژەکە بە ڕۆژوو ببم؟" ئەم شێوەگێڕانەوەیە تەکەز لەسەر هەبوونی پەروەردەیەکی توندی دینیی، بەڵام زۆرەملێیی دەکاتەوە. "سەری خۆم دەخورێنم. دەنگی هێلین ئێستاش هەر لەنێو گوێچکەمدایە و ئەوکات نەمدەوێرا وا بڵێم، بەڵام ژنێکی جوان بوو." لێرەدا ئەو پەرۆشیی، قەدەغەیی و تەنانەت بە حەرامزانینی دەنگی ژن و کەبتکردن لە دینی ئیسلامدا، زۆر بە زەقی دیارە، بەتایبەت کاتێ گێڕەرەوە دەڵێت: ئەوکات نەمدەوێرا وابڵێم، بەڵام ژنێکی جوان بوو. تەنانەت ترس دەکەوێتە سەر وشەیەکی کورتی وەک (جوان)یش.

***

گوند؛ دوور لە شارە، بەڵام ئاوەدانییەکی بەخۆوە گرتووە. ئەم ئاوەدانییەش کەمتازۆر پێوەندی بە کۆبوونەوە وماڵی سەرۆکی

دێوانەکانەوەیـــە. کارەکتەر چەندجار هەوڵی ئەوە دەدات بچێتە دەرەوە تا میز بکات، بەڵام دەرگەکەیان بەرانبەر باخچەی ماڵی دێوانەکانە، کە شەوانە تێیدا کۆدەبنەوە و خەریکی گاتا کردنن. لەوێدا ڕێکەوتی مامی، کە ڕاستییەکەی مامی باوکییەتی دەکات، کاتێک دەیەوێت بێتە دەرەوە، کە چاوەڕێی خێزانەکەیەتی، کە دەکاتە ئامۆژن/ ئامۆژنی باوکی. دیارە لەم پەرۆشیی یان لەم نەتوانینەی، کە مێردی ژنەکە/دێوانەکە تێیدابووە، ژنەکە ســەغڵەت دەبێت و دەڵێت: "بۆ خاتری شـێخ ڕەشـید با خودا بتباتەوە بۆ خۆی".

دێوانەبوون، بەشێوەیەک پلە دەداتە ژن، کە پیاو/پیاوی نادێوانە مافی چاوەڕوانکردنیشی نییە، چونکە ئەو لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکێکی پیرۆز و خوداییدابووە. لێرەدا پرســیار ئەوەیە دەبێت دێوانەبوون چ شەوکەت و شانازییەک بە پیاوی دێوانە ببەخشێت لەبەرانبەر ژن/ژنێک کە دێوانە نییە/نەبێت؟ چونکە دێوانەکانیش پێڕەوکاری دینی ئیسلامن.

دواجــار گێــڕەرەوە لەمە تێــدەگات، کە دێوانــەکان (ســوارانی خودا) تاریکوڕوون دەگەڕێنەوە.



"دایکم گوتی: ئەگەر من نەبم، خودا لێتان خۆش نابێت، من نەمدەزانی خودا بۆچی لێمان خۆشنابێت." دووبارە گێڕەرەوە بە وشەی "هەرچەندە" چیرۆکی ماتڵیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لە چاوەڕێبوونی هاتنی فریشتە، بەڵام تێناگات لەو مەهزەلەیەی کە خودا بۆچی لێی خۆش نابێت. ئەوە نییە، چەندین ڕۆژیش چاوەڕێبووە، تا بەشە شەیتانییەکەی فڕێبدرێت. ئیدی ئەم دەیەوێت بەم گوزارشتە خۆی ڕەها، یان بێبەریی بکات لەهەر شتێک و تاوانێک، کە دەیکات، تەنانەت گوێگرتن لە مۆسیقاش، چونکە فریشتەکان نەهاتوون. تاوان لە فریشتەکانە. بەڵام ئەمە درێژە دەکێشێت، هەرچەندەش گێڕەرەوە دەڵێت: "ڕاســتە کاری دنیا ئاوایە***"، بەڵام خۆدەبوایە ژیانم بەم شێوەیە نەبوایە و شتێکی نوێ ڕووی بدابا و کۆتایی بــەم تێدامانە یەکرێتمییەی هێنابام، بــەڵام لەوێ ئەو ئەگەرە نییە، کە دەشێ شتێک/جیاواز ڕووبدات.

ئەم کەڵەکە بوونەی خودا و پێکرانی خودا، دواجار چیرۆکنووس دەرکی

ئەوە دەکات و تێدەگات، کە خودا توانای ئەو هەموو شتانە/ شتی تریشی هەبــووە، هەیە. بەڵام بە تەوسێکیشـــەوە، دەڵێت: "هەرچەندە چەندین ڕۆژیش چاوەڕێ بووم، تا فریشتەکان بێن و بەشە شەیتانییەکەی نێوم فڕێبدەن؛ بەڵام من هەرگیز شوان نەبووم." واتە دەبوایە بۆ ئەوەی خودا توانای کردنی ئەمەشی هەبێت، پێویست وابووە، کە کارەکتەر دەبوایە شوان بوویێت. ئەگەر نا خودا توانای دووبارەکردنەوەی هەمان ڕووداو و چیرۆکی نییە و ناشبێت.

(لە چیرۆکەکەدا سنگشـــەقکردن دوای شـــوانبوون خســـتراوە، ئەمەش تـــا مانایەک، یانیش بیانوویەکی تەنزیی بۆ جڤاک، دەســـەڵاتی خودا و ڕوونەدانی سنگشەقکردن بێنێتەوە. واتە خودا غەیبی هەبووە و زانیویەتی کە کارەکتەر لە تەمەنی مێرمنداڵییدا و دواتریش تووش بە ژیانی شوانبوون نابێت، ئیتر چ چەقۆیەک یان بیانوویەک بداتە جوبرایل تا بچێت سنگی شەق بکات و وەک سوارچاکی خۆی هەڵیببژێرێت.)

لەکاتێکـدا خـودا، کە توانای کردنی هەموو شـتێکی هەبـووە، هەیە و دەشبێت، ئەوە منداڵێک لەسەر جۆگەیەک (تەسنیم) لەنێوان گردێک و ماڵەکەی چاوەڕێیە خودا توانای بەبەردا بێت/بێتەوە و فریشتەکان بنێرێت تا بەشـــە شەیتانییەکەی (کە ڕاستییەکەی هەر خودا پێی بەخشیووە) لێیفڕێبدەن.

جۆگەی (تەســنیم): دەکرێت بەکارهێنانی جۆگە، گەڕانەوەیەکی تریش بێـت بۆ چیرۆکی ئافراندنــی مرۆڤ، بابادەم پاشـــانەکینێ حەوا، بۆیە بابادەم؛ خەونی کارەکتەری منداڵە، کە ئەویش نێرە، جگەلەوەش حەوا لە پەراسووە نەک لە قوڕی جۆگەی تەسنیم. کەواتە دەکرێت حەوا؛ (ژن/ ئـــەوەی کە دین و کۆمەڵگەکانمان بە زەحیفەیان داناوە) پلاری تەمەنی بیســـتوپێنج ساڵیی تەمەنی بەفیڕۆچووی کارەکتەر/چیرۆکنووس بێت، کە قەرەبوو ناکرێتەوە؛ بیگرێتە دین و نەریت، ئەمیش لەپای ڕوونەدانی شتێکی نوێ.

هەڵبەت بەســـوودوەرگرتن لە بیردۆزی لاساییکردنەوەی پلاتۆن: خودا، نموونەی باڵایە و ئادەمیش ســـێبەر/ خەلیفەی خودایە لەسەر زەوییی و حەواش هونەرە لاســـاییکراوەکەیە، کە دووجار لە نموونەی باڵا، یاخود

وەکخۆبوون، دوورتره. بەمانایەکی تر ژن پلە سێیە و لێرەش لەپیاو کەمترە. ئەمەش ڕەنگە ئەو گومانەمان؛ مەبەستبوونی چیرۆکی ئافراندنی بابادەم و حەوا، پێکەوە پشتڕاست بکاتەوە، کە دواجار دەیەوێت بڵێت: گەلۆ خودا ئەمانەشی توانیوون، لە جیاوازییەکی نابەرابەر، تا ناکۆتا لەنەبڕاو؛ ناتەبا و جیاواز.

ئەم هەموو ڕووداوانەی چیرۆکەکە، کە دەشێت بۆ چاوی کارەکتەر، نوێ بووبن، کە بەسەر ئەم نەهاتوون، بۆیە لە ژیانیدا هیچ شتێکی نوێ نابینێت و ڕووینەداوە. ئەمەش بەوهۆکارەی وەڵامی ئەو چاوەنۆڕییکردنەی دەمی منداڵیی نەدراوەتەوە و سنگی شەقنەکراوە.

دەکرێت لە کۆتاییدا ئەوە بگوترێت، کارەکتەری چیرۆکەکە هەمیشە بەهۆی هەوڵدان بۆ بوون بەوەی، کە لەدەسەڵاتیدا نییە و لە توانا بەدەرە، لەنێو خەوتن و ئاگاییدایە. چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڕژێت: لە چاوی منی کارەکتەری منداڵ/ منداڵییمان و ئێستامان؛ شتی نوێ؛ ڕوودانەوەی/لاساییکردنەوەی چیرۆکە گەورەکانە. بۆیە پەیامڕاستەیی ئەودیوی چیرۆکەکە؛ فڕێدانی خەیاڵی دۆنکیشۆتانەیە بۆ بوون بە پاڵەوان، گەڕاندنەوە و زیندووکردنەوەی ڕووداو و لاسایی کەسانی تر. بۆیە گەرەکە خۆمان بپچڕێنین و ڕووداو/ ڕووداوی بچووک بافرێنین و دەستبەرداری منیگەورە ببین و چیتر خۆمان بە خەونی نەکران، دۆنکیشۆت ئاسا، تێدانەمێنین.

**پەراوێزەکان:**

* گۆرگۆن: تۆقێنەر. ئەفسانەیەکی گرێکییە و سێ خوشکن؛ بەنێوەکانی مێدووسا Medusa، ستێنو Sthenno و ئێوریول Euryale. ئەم سێ خوشکە پرچیان ماری ژەهراوییە. گۆرگۆنەکان بەوە گوزارشت دەکرێن، کە چیرۆکان دەگێڕنەوە، هەر کەسێکیش سەیری چاوی بکردبن، یەکسەر بووە بە بەرد.

** هەڵبەت گێڕانەوەی جیاواز هەیە لەسەر ئەم مێژووە، ئێمە بۆ ئەوەی تێڕوانینی خۆمان بە لەگەڵبوونی شتی تریش بنووسینەوە، ئەم ساڵەمان هەڵبژاردووە، هەڵبەت زۆرجار تەمەنی شەش ساڵیی گوزارشت لە قۆناغی ٢ بۆ ٦ ساڵی دەکات.

*** ڕاستە کاری دنیا ئاوایە، ئەمە سوودوەرگرتنە لە ڕۆمانی (قەسابخانەی ژمارە پێنج، کوورت ڤۆنێ گات، وەرگێڕانی: عەتا نەهایی، چاپخانە: سەردەم، چ١، سلێمانی- ٢٠٠٨)، چیرۆکنووس سوودی لە ڕۆمانی جیهانیی و مۆدێرن وەرگرتووە. ئەم دەقئاوێزانییەش یان بڵێین ئەم وەرگرتنەیەشی، زۆر جوانناسیی شکاوەتەوە.